# وەیسی محەمەد: گەر هەوڵی کارێکی تر نەدەم بەدەر لە هونەر ناتوانم بژیم!

دیمانە:
هێمن ئاری-سۆران گورون

**دەنگێک پڕاوپڕ لە عیشق و جوانی، دەنگێکی رەسەن و زیندوو، کە هەمیشە لە گوێچکەمان دەزرنگێتەوە، هەر کاتێ گوێ بیستی دەبین تا سەر ئێسقان هەست بە سووتانی دەکەین، ئەمیش دەنگی هونەرمەند وەیسی محەمەدە، کە ساڵانێکە لەرێگەی دەنگە بەسۆزەکەیەوە توانیویەتی جەماوەرێکی بەرچاو لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، ئێمەش لەنزیکەوە بۆ ئاشنابوونی ئەم هونەرمەندە بۆ (خەبات) چەند پرسیارێکمان لەبارەی کارە هونەرییەکانی ئاراستە کرد.**

*** دەکرێ بڵێین هونەر بۆتە فاکتەرێک بۆ دەربڕینی نهێنییەکانی ناخی وەیسی؟**

- بەبڕوای من هونەر ئامانجێکی سەرەکییە لەناخنی مرۆڤدا نەک فاکتەر، بەشێوەیەکی رێژەی هەر هونەرمەندێک کە بەرهەمی دێنێ.

*** نەمانی چێژی هونەری لە ئەمڕۆی هونەردا بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- سەبارەت بەم پرسیارە گەر مەبەست هونەری گورانییە ئەوا هۆکارەکانی زۆرن، گەر باسیان لێوە بکەین، بەڵام گرنگترین هۆکار بەلای منەوە نەبوونی پەروەردەی هەستی بیستنە.

*** کورد لە فۆلکۆردا دەوڵەمەندە، وەیسی محەمەد تا چ ئاستێک توانیویەتی سوود لەم دەوڵەمەندییە وەربگرێت و زیندووی بکاتەوە؟**

- وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی ئێمەی کورد هەر فۆلکلۆرمان هەیە، بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرین، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە بتوانیت مامەڵەیەکی سەردەمیانەی لەگەڵدا بکەین.

*** لەگۆرانییەکانی وەیسدا هەست بە عیشقێکی قووڵ دەکرێت، ئەم عیشقە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

- سەرچاوەی ئەم عیشقەی تۆ مەبەستە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەزموونی ژیانم.

*** دەزگا راگەیاندنەکان، تا چەند هاوکاری ئێوەی هونەرمەند دەکەن؟**

- بە پێچەوانەوە تا ئێستا ئێمەی هونەرمەند هاوکاری دەزگا راگەیاندنەکانمان کردووە نەک ئەوان.

*** هونەرمەند شەماڵ سائیب دەڵێ: ئەوەی ژیانێکی بێ سەروبەرو تاڵی دەوێت، روو بکاتە هونەر، ئەمەش لەکاتێکدا گەر ئەو کەسەی رێی خزمەتی گرتبێ هەر لە هونەردایە، تۆچی دەڵێی؟**

- زۆر بەداخەوە کە تا ئێستا ئەم واقیعە تاڵە تەنها و تەنها لەناو هونەرمەندانی کورد ماوە، کە نابێ وابێ

*** ئەو کاتەی لە قۆناغی زانکۆ بوویت لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە کۆمەڵێک چالاکیتان هەبوو، پێتوایە تا چەند ئەم چالاکیانە بۆتە هاندەرێک بۆ هاتنە ناو دونیای هونەریت؟**

- دەتوانم بڵێم تیپی زانکۆ زۆر سوودی بەمن گەیاند لەڕووی هونەرەوە، وای لێکردم لە ئاستێکی هونەری باشتر بیربکەمەوە و کار بکەم.

*** تۆ ئێستا پیشەی مامۆستایەتی دەکەیت، ژیانی مامۆستایەتیش بێگومان زەحمەتە، پێتوانیە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هێشتا هونەر لە ناو کورددا نەبووە بە پیشەیەک تا هونەرمەند بتوانێ پێی بژیێت؟**

- دەربارەی کاری هونەری دەبێ ئێمەی هونەرمەند پارەی بۆ سەرف بکەین، بەبێ ئەوەی لەبازاڕدا ئەم داهاتەمان بۆ بگەڕێتەوە، کە ئەمەش لەبەر نەبوونی جێبەجێ کردنی یاسای مافی پاراستنی بەرهەمی هونەری هونەرمەندان، لەمەشیاندا حکوومەت لێی بەرپرسیارە، بۆیە من گەر هەوڵی کارێکی دیکە نەدەم و کارێکی دیکە نەکەم بەدەر لە مامۆستایەتی و هونەر ئەوا ناتوانم بژیم.

*** بەڕای وەیسی محەمەد ئەمڕۆ کاری هونەری تەنها نەبۆتە بەچاوتێرکردنی بینەر؟**

- بەداخەوە کە لای بەشێکی خەڵک وای لێهاتووە.

*** رۆڵی کلیپ چۆن دەبینی، کە دەبینین زۆربەی هونەرمەندان بۆ کلیپ روو لەدەرەوە دەکەن، ئەم کلیپانە تا چەند سەرکەوتوون؟**

- لەدونیای ئەمڕۆی هونەر کاری کلیپ رۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام مەرج نییە لە هەر شوێنێک بێت، بەبڕوای من زۆربەی ئەو کلیپانە هونەری و کوردین کە لە کوردستان ئەنجام دراون.

*** لەبارەی کلیپی نازیلێ وەیسی کە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بۆوە، تەنانەت لەلایەن هەوادارانی خۆشییەوە؟**

- بەشێک لەوانەی کە رەخنەی توندیان هەبوو، لەئاستێکی کۆمەڵایەتی نزمدا بیریان دەکردەوە، بۆیە من تێگەیشتم کە ئەوە گرفتی دەروونی خۆیانە، نەک من.

*** ئەی کلیپی گیرۆدە، کە دەبینرێت هاوسەنگییەک نییە، سیناریۆیەکەی شتێکی لێک جیایە لەگەڵ فۆلکلۆر و نەریتی کۆمەڵگای کوردیدا بەتایبەت لەڕووی جلوبەرگ و سیناریۆکەی دا؟**

- کلیپی گیرۆدە کارکردن نییە لەسەر فۆلکلۆر، بۆ نموونە شیعری ئەخۆڵە، ئاوازی خۆمەو ئامادەکردنی میوزیکیش زیرەک حەمەدەمینە، لە دەرهێنانی کرمانج مستەفایە، کە توانیویەتی لەسەر ئەو دابەشکردنە گشتییەی کە لە گۆرانییەکە دایە سیناریۆی بۆ دارێژێ بەشێوەیەکی خەیاڵ ئامێز.

*** خەڵکی زۆر دەپرسن گۆرانییەکانی ئەمڕۆ تەمەن کورتن؟**

- مەرج نییە هەموو گۆرانییەکانی ئەمڕۆ تەمەن کورت بن، هەروەها بە پێچەوانەوەش، مەرج نییە هەموو گۆرانییەکی کۆنیش نەمرێت.

*** دوا پرۆژەت؟**

- خەریکی کۆمەڵێک بەرهەمی هونەریم، کە بریتین لە شیعرەکانی لوقمان فەزڵی شاعیرو هەروەها کارکردن لە بەشێک شیعری کلاسیک، بەڵام ئەم کارانە کاتێکی زۆریان دەوێ تا تەواو دەبن.

